










# تەنها لە چوار ساڵدا هێندەی چل ساڵ ڕێژەی ئۆتۆمبێل زیادی کردووە


## بایەخدان بە شەقام و ڕێگەکانی هاتوچۆ لە ئاستی خێرای زیادبوونی ئەو ڕێژەیە نییە



زۆربوونـــی ژمـــارەی ئۆتۆمبێل بـــۆ زیاتر لـــە ١ ملیۆن ئۆتۆمبێل و فراوانبوونی ئاسۆیی شارەکان لەگەڵ دواکەوتنی پرۆگرامەکانی دروســـتکردنی ڕێگاوبان و جێبەجێ نەکردنی پرۆژەکانی هێڵی ئاسنین و هێڵی ترام و هێڵی پاسی ئاست بەرز ناگونجێت. ئەو بودجەیەی بۆ ســـاڵی داهاتووش بۆ ڕێگاوبان و بواری گواســـتنەوە تەرخانکراوە، توانای چارەســـەرکردنی خراپی ژێرخانی گواستنەوەو ئەو زیادبوونە خێرایەی ژمارەی ئۆتۆمبێلی نییە بەرادەیەك لەماوەی ٤ ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ٥٠٠ هەزار ئۆتۆمبێل هێنراوەتە کوردستان، ئەم ژمارەیەش هێندەی ژمارەی زیادبوونی ئۆتۆمبێلە لەماوەی ٤٠ ســـاڵی ڕابردوو، لێرەوە ئەگەر بگەڕێینـــەوە بۆ تۆماری دەنگدەرانی کۆمســـیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هەڵبژاردنی ئەیلوولی ڕابردوو، کـــە ژمارەی ئەوانەی دەنگیـــان داوە نزیکەی دوو ملیۆن بـــووە، لەمەش نزیکەی یەك ملیۆنـــی ڕەگەزی نێر بووە، کەواتە ئەگـــەر بەراوردی ڕێژەی شـــۆفێری پیاوان و ژنان بکەین، بێگومان ڕێژەی شـــۆفێری پیاوان زیاتر لە ٪٨٠ پێکدەهێنـــن، ئەمەش مانای ئەوەیە بە نزیکەیی، هەر پیاوێك لەســـەرووی تەمەنی ١٨ساڵیەوە ئۆتۆمبێلێکی بەردەکەوێت. لەلایەکی دیکە و ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کێشەی هاتوچۆ لە نێو ســـەنتەری شارەکاندا کە ڕۆژانە بە دەیان هەزار هاووڵاتی



**زاگرۆس فەتاح:**
**لەبودجەی ٢٠١٤ پێشنیارکراوە تەمویلی دوو هێڵی ترامی شاری هەولێر بکەین، بەڵام کێشەی هاتوچۆی ناو شارەکان تەنیا بەترام چارەسەر نابێت**



**سەلاح جەوهەر:**
**کەرتی گواستنەوەی کوردستان کلاسیکییە و بۆ گۆڕینی واقیعەکەش بودجەیەکی زۆرمان پێویستە**

و فەرمانبەر پێویستیان بەوەیە کە بە ڕێگەی خێرا کارەکانیان جێبەجــێ بکـــەن، ئەوا بە هــۆی بوونی ژمـــارەی زۆری ئۆتۆمبێلـــی تایبەتی، قەرەباڵغیەکی گەورە دروســـت بووە و ئاراســـتەی هاتوچۆ قورس بـــووە و ماوەیەکی زۆرت دەوێت هەتا لە شوێنێکەوە دەچیە شـــوێنێك یان بۆ فەرمانگەیەکی دیکە، هەربۆیە ڕۆژانە هاووڵاتیان گلەیی دەکەن لە قەرەباڵغی و بەفیرۆدانـــی کاتێکی زۆر کـــە بەناچاری لە ناو ئاپۆرای ئۆتۆمبێلەکان دەمێننەوە و گەیشـــتنیان لەکاتی پێویست بۆ شوێنی کارو دەوامی ڕەسمی و زانکۆ و قوتابخانەکان زەحمەت بووە.

## دۆخی خراپیی گواستنەوەی گشتی

لـــە چارەســـەرکردنی دۆخی خراپیی گواســـتنەوەو هاتوچۆ سێ لایەنی ســـەرەکی بەرپرســـیارێتیان دەکەوێتە سەر شان و پێویســـتە هەماهەنگیان لەگەڵ یەکتـــردا هەبێت، ئەویش وەزارەتەکانـــی (گواســـتنەوەو گەیانـــدن و ئاوەدانکردنەوەو نیشـــتەجێبوون و پلاندانان و ناوخۆیە - پۆلیســـی هاتوچۆ)، ئەم لایەنانەش کە هەموویان هاوڕان لەســـەر خراپی دۆخەکەو پێویســـتی چارەســـەرکردنی مەرج نییە بێ کەرتی تایبەت و پاڵپشتیکردنی وەبەرهێنان کار بۆ جێبەجێکردنی سیستەمێکی نوێی گواســـتنەوە بکـــەن. ســـەبارەت بەگرفتەکانی خراپی ژێرخانی گواســـتنەوەو پلاندانان زاگرۆس فەتاح بەڕێوەبەری گشـــتی پلانی پرۆژەکانی بودجـــەی وەبەرهێنان لەوەزارەتی پلاندانـــان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ گـــوڵان پێیوابوو لەچەند ســـاڵی ڕابردوودا حکومەتی هەرێم لە ١٧٪ی بەشە بودجەی کوردســـتانی بۆ ئەولەویاتی چارەســـەرکردنی قەیرانەکانی کارەبا و دابینکردنی ئاو و پێداویســـتییەکانی تری شارەوانی و پاراستنی ئاســـایش تەرخانکردبوو، دواتر باشبوونی ئاستی بژێوی ژیان و بەرزبوونەوەی خواست و پێداویستیەکانیش لەسەر خوێندن و تەندروســـتی واقیعی وایلێکەوتەوە ژمارەیەکی زۆر زیاتر قوتابخانەو نەخۆشـــخانە دروست بکرێت، ئەم ڕیزبەندییە بۆ پێداویســـتی خەڵکی وایکرد کەرتی گواســـتنەوە بەپێی پێویست نەبێتە ڕیزبەندی پێشەوەی بەرنامەو پرۆژەو کارەکانی حکومەت. ئەمڕۆ لەئاکامی پەرەپێدان و باشـــبوونی بژێوی ژیان و زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل و فراوانبوونی شارەکان و بوونی کارو ئیش لەهەرێمەکەدا پرســـی باشکردنی کەرتی گواستنەوە هاتۆتە پێشەوە، بەتایبەتی لەگەڵ خراپی ژێرخانی گواســـتنەوەو نەبوونی سیستەمێکی پێشـــکەوتوو هاوچەرخ، هاووڵاتیان تەنیا پشـــت دەبەســـتن بەئۆتۆمبێلی تایبەتی و تەکســـی و بەرێژەیەکی زۆر کەمیش بە پاس، ئەم پاسانەش زۆر کـــۆن و خراپ و بێســـەروبەرن و بۆ هەموو جێگایەکیش نارۆن و کاتی گەیشتنیشیان بۆ ناوچەکان دیاریکراو نییە.

لەوەزارەتی گواستنەوەش هەمان بۆچوونیان هەبوو بەوەی کەرتی گواستنەوەی کوردستان کلاسیکییەو تەنانەت مامەڵەکردنیش لەگەڵ پرسی هاتوچۆو گواســـتنەوە پێویستی بەپێداچوونەوە هەیـــە؛ لەمبارەیەوە ئەندازیار ســـەلاح جەوهـــەر بەڕێوەبەری گشتیی گواســـتنەوەی زەمینی و هێڵی ئاسنین و ترام وای لە وەزارەتی گواســـتنەوەو گەیاندن بە (گوڵان)ی ڕاگەیاند:

بەو پێیەی کوردســـتان بەشێك بووە لەعێراق و ئەم وڵاتەش تا ئەمڕۆ بەشـــێوەیەکی کۆن کاری گواستنەوە دەکات، هەربۆیە کەرتی گواستنەوەی کوردستان کۆن و کلاسیکییە و خاوەنی سیستەمێکی مۆدێرن نین، تەنانەت بۆ گواستنەوی هاووڵاتیان لەناو هەموو شـــارو شـــارۆچکەکان چەند هێڵێك دانراون کە بەشێوەیەکی کۆن و بەپێی پێویست نین و هاووڵاتیان بەخێرایی ناگەیەننە شـــوێنی مەبەســـت، بۆ گۆڕینی ئـــەم واقیعەش پێویستیمان بەدیراسەو بودجەیەکی زۆر هەیە. وەنەبێت کێشەی گواســـتنەوە لەم هەرێمە تەنیا پەیوەنـــدی بەخراپی ژێرخانی گواستنەوەوە هەبێت، بەڵکو پەیوەندی بەچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەرتەکەشەوە هەیە، ســـەبارەت بەیاساو پابەندبوون بە ڕێنماییەکانـــی هاتوچۆوە عەمید قادر ســـدیق بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی گشـــتی هاتوچۆی هەرێم وتی: هاتوچۆ بەپێی یاسای هاتوچۆی ژمارە ٨٦ی ساڵی ٢٠٠٤ ڕێکخـــراوە تاوەکو ژیان و ماڵی هاووڵاتیـــان پارێزراو بێت و پێویســـتە هەموو تاکێکـــی ناو کۆمەڵ پابەنـــدی بێت هەر لەشوفێرێکەوە تاکو پیادەیەکیش، بەڵام لەئاکامی پابەندنەبوون بەیاســـاو ڕێنماییـــەکان و خراپی ڕێگاوبان و شـــەقامەکان و نەبوونـــی مەرجەکانی توندوتۆڵی لە شـــوفێر و ئۆتۆمبێل و زۆری ژمـــارەی ئۆتۆمبێل ئـــەوە ڕووداوەکانی هاتوچۆ زۆر بووە کە دیوێکی تری خراپی کەرتی گواســـتنەوەیە. هەربۆیە هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل بەو ڕێژە زۆرە قەرەباڵغییەکی زۆری لێکەوتۆتەوە و ڕێگاوبانەکانمـــان لەتوانایاندا نییە ئەم هەموو ئۆتۆمبێلـــە تێیدا هاتوچۆ بکەن، ئەگـــەر حکومەتی هەرێم بەردەوام بێت لەســـەر هێنانی ئەو ژمـــارە زۆرەی ئۆتۆمبێل، بۆیە بە پلان و بەرنامە ئەو کات پێویستە پرۆژەی ستراتیژیی هەبێت بۆ زیادکردنی شـــەقام و فراوانکردن و دروســـتکردنی پـــرد و تونێل و شـــوێنی پەڕینـــەوەی هاووڵاتیان و گرنگی زیاتر بەدیزاینی ڕێگاوبانەکان، تەنانەت پێویستە هەماهەنگی زۆر لەنێوان وەزارەت و لایەنە پێوەندارەکانی بواری گواستنەوە هەبێت و کۆنترۆڵی جۆریی و چەندایەتی بکرێت و کوژانەوەی ئۆتۆمبێلە کۆنەکان بکرێت. بەدڵنیایشەوە هۆشیاریی هاتوچۆ لەو ئاســـتەدا نییە کە دڵمان پێـــی خۆش بێت هەربۆیە کاتی ئەوە هاتووە پێداچوونەوە لە پێدانی مۆڵەتی لێخوڕین بکرێت. بەمشـــێوەیە هێنانی بێســـەروبەری ئۆتۆمبێـــل و زیادبوونی ژمارەکەی لەئاست شەقام و ڕێگاوبانەکان نییە، ئەگەر بەم شێوە هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل بـــەردەوام بێت لە ئایندەیەکی نزیکدا کێشەی خنکانی شەقامەکانی لێ دەکەوێتەوە. هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل بەرنامەی زانســـتی و دیراســـەی وردی پێویستە و دەبێت ســـنووردار بکرێت و دەبێـــت ئۆتۆمبێلە کۆنەکانیش بکوژێنرێنـــەوە، چونکە ئۆتۆمبێلە کۆنـــەکان زیانی گیانی و ژینگەییان لێدەکەوێتەوە. ســـەبارەت بەژمـــارەو زیادبوونی ئۆتۆمبێلەکانیش عەمید قادر ســـدیق زیاتر لەمبارەیەوە وتی: ژمـــارەی ئۆتۆمبێلی تایبەت تـــا ٢٠٠٩/١٢/٣١لە هەولێر- ١٤٤٠٠٠ لە ســـلێمانی — ٥٩٩٥٠ لە دهۆك - ٥٦٥٤٠بووە، واتە لەهەرســـێ پارێـــزگا ٢٦٠ هـــەزارو ٤٩٠ ئۆتۆمبێلی تایبەتی هەبووە، بەڵام تا ٢٠١٣/١٠/٣١ ژمارەی ئۆتۆمبێلی

تایبەتی زۆر زیادیکردووە بەمشێوەیە(لەهەولێر بۆتە ٣٢١٠١٩ و لە سلێمانی ١٥٤٣١٤ و لەدهۆك ١٠٠٥٧٣ واتا ئێستا تەنیا ژمارەی ئۆتۆمبێلی تایبەتی لەهەرێمی کوردستان گەیشتۆتە ٥٧٥٩٠٦ واتا لەنزیکەی ٤ ساڵ ٣١٥٤١٦ ئۆتۆمبێلی تایبەتی زیادیکردووە، بەپێی ئەو زانیاری و داتایانەی لەبەردەستمانە بەگشتی ژمارەی ئۆتۆمبێل لە هەموو جۆرەکانی لە کوردستان گەیشتۆتە (١ ملیۆن و ١٣٧ هەزارو ٦٣ ئۆتۆمبێل) کە تەنیا لەماوەی ٤ ساڵدا واتا لە ٢٠٠٩/١٢/٣١ بۆ ٢٠١٣/١٠/٣١ - ٥٢٨٣٠٧ ئۆتۆمبێل هاتۆتە ناو هەرێمی کوردستانەوە.

**گواستنەوەی ناو شارەکان و پشتبەستن بە پاسی ئاست بەرز**

لە سەنتەری شارەکاندا زیاد لەپێویست پشت بەئۆتۆمبێلی تایبەتی و تەکسی دەبەسترێت، لەکاتێکدا لە سەنتەری شارە پێشکەوتووەکانی دنیا پشت بە هێڵی ترام و میترۆ و پاسی پێشکەوتوو دەبەسترێت، ئەم دۆخە وایکردووە لەهەرسێ شارەکەی ناو هەرێمی کوردستان هاووڵاتیان تووشی خنکانی هاتوچۆو پیسبوونی ژینگە بن و کاتێکی زۆریش بەفیڕۆ بدرێت لەناو قەرەباڵغی و جەنجاڵی هاتوچۆکردن دا، تەنانەت سیستەمی پارك و شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل بێسەروبەر بێت. زاگرۆس فەتاح بەڕێوەبەری گشتی پلانی پرۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان لەم رووەوە وتی: گواستنەوە لەناو سەنتەری شارەکان لەدۆخێکی باش دا نییە بەهاوشێوەی ژێرخانە خراپەکەی کەرتی گواستنەوە، گەربێتو شارێکی وەکو هەولێر بە نموونە وەربگرین هۆکاری گواستنەوە تەنیا بە ئۆتۆمبێلی تەکسییەو سیستەمی پاسیشی زۆر لاوازە و کۆنن و بۆ هەموو شوێنێك ناچن و خێرا نین، هەربۆیە هاووڵاتیان ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان بەکار دەهێنن و قەرەباڵغیەکی زۆر دەکەوێتەوە. کەواتە پێویستە حکومەت بەدوای هۆکارێکی گواستنەوەدا بگەڕێت کە خێراو پێشکەوتوو بێت و لەئاست ویست و داخوازیی هاووڵاتیاندا بێت. لە بودجەی ساڵی ٢٠١٤ سیستەمی (سیتی پاس) دانراوە. سەبارەت بە چارەسەرکردنی پاسە کۆنەکانیش سەلاح جەوهەر بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوەی زەمینی و هێڵی ئاسنین و ترام وتی: وەکو هەنگاوێك لەهەولێر دەست پێ دەکەین و سیستەمێکی تازەی پاس دادەمەزرێنین کە پێی دەگوترێت (بەخێرایی کردنی گەیاندنی هاووڵاتیان) کە بەهاوشێوەی وڵاتانی پێشکەوتوو پاسی قەبارە جیاجیاو دوونهۆمی لەخۆدەگرێت و ئێمە لەوەزارەت بە(سیتی پاس) ناوی دەبەین کە سیستەمەکە لەهەردوو وڵاتی کوێت و ئێران و چەند وڵاتێکی تریش جێبەجێ دەکرێت، لەبەرامبەریشدا خاوەن پاسە کۆنەکان قەرەبوو دەکرێن و ئێستا ئەم پرۆسەیە جێبەجێ دەکرێت تەنانەت پاسە کۆنەکان کە لەعێراقەوە هێنرابوون دەیانگەڕێنینەوە. لەبواری چاکسازیی لەسیستەمی گواستنەوەو هاتوچۆکردن پێویستە رەچاوی بەرژەوەندیی هاووڵاتیان و شۆفێرانیش بکرێت. هەروەها لە رێگای وەبەرهێنانەوە چەند ترمیناڵێکی هاوچەرخ لەشارەکان دروست دەکرێت و ئێستا لەهەولێر دوو ترمیناڵ یەکێکیان لەسەر شەقامی ١٠٠ مەتری نزیك گۆڕستانی شێخ ئەحمەد و ئەوی تریان لەسەر رێگای کەرکوك نزیك چوارڕیانی بەرامبەر دارەتوو دروست دەکرێت و ترمیناڵی شارەزووریش لە سلێمانی دروستکراوە. هێنانی تەکسیش لەسەر رێنمایی و ویستی ئێمە نەبووە، بەڵکو شێوەیەکی بازرگانی وەرگرتووە بەگشتی دەتوانم بڵێم لەهێنانی تەکسی بێ ئاگاین. تەنانەت لەدروستکردنی رێگاوبانەکانیشدا هیچ هەماهەنگیمان لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە نییە و ئەوان بەپێی پلان و بەرنامەی ساڵانەی خۆیان پرۆژەکانی رێگاوبان دروست دەکەن، لەرووی مۆڵەتدان و رێکخستنی هاتوچۆوە پەیوەندیی باشمان لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ هەیە.

**سیستەمی ترام و خێراکردنی هاتوچۆ**

لەراپۆرتێکی هاوبەشی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP) کە تایبەتە بەبنیاتنانی هەرێمی کوردستانی عێراق هاتووە: دەکرێت ئەولەویات بدرێت بە ترام لە خاڵەکانی خنکانی هاتوچۆ، بەڵام دانانی ترام وەبەرهێنانی گەورەی پێویستە بەرادەیەك لەهەولێر بۆ هەر کیلۆمەترێك ٣١ ملیۆن دۆلار تێچوونی دەبێت. هەرچۆنێك بێت خەڵکی ماوەیەکی زۆرە لەچاوەڕوانی جێبەجێکردنی پرۆژەی ترام و چارەسەرکردنی دۆخەکەن. لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوەی زەمینی و هێڵی ئاسنین و ترام وتی: دیراسەو دیزاین و تەندەر بۆ پرۆژەی هێڵی (ترام وای) ئامادەکراوەو بودجەیەکی زۆری دەوێت، بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکەش دوو بیرۆکە هەیە ئەویش(جێبەجێکردنی راستەوخۆی حکومی و کەرتی تایبەت)ە، لەهەولێر ئەم پرۆژەیە دابەشی ٤ هێڵ کراوەو هەر هێڵێك دوو هێڵی چوون و هاتنە و لەلایەن ژمارەیەك لەکۆمپانیا پێشکەوتووە نێودەوڵەتیەکانەوە داوای جێبەجێکردنی کراوە.

دروستکردنی ترام بۆ شاری هەولێر و کەمکردنەوەی قەرەباڵغی و چارەسەرکردنی دواکەوتنی هاووڵاتیان لەدەوام و گەیشتن بەشوێنی ئیشکردن چارەسەر دەکات و هاوڕێی ژینگەشە. بەڵام لەبەرامبەردا راوبۆچوونی جیاوازیش هەیە. بەڕێوەبەری گشتی پلانی پرۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان لەوەزارەتی پلاندانان لەمبارەیەوە وتی : گەرچی لەبودجەی ٢٠١٤ پێشنیارکراوە بەتێچوونی ١ ملیار دۆلار تەمویلی دوو هێڵی ترامی شاری هەولێر بکەین، بەڵام کێشەی هاتوچۆی ناو شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك تەنیا بەترام چارەسەر نابێت، بێ ئەوەی دیراسەیەکی وردی ستراتیژییەتی هاتوچۆو رێگاوبان بکەین کە تەنیا لایەنی پسپۆر و شارەزای نێودەوڵەتی دەتوانێت بەم کارە هەڵسێت. تەنانەت وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن دیراسەی کەڵکی ئابووری (دراسە جدوی)ی پرۆژەی ترامی هەولێری نییە، تەنیا دیزاینی پرۆژەکەی هەیە. بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی گفتوگۆمان کردووەو داوامانکردووە ماستەرپلانی گواستنەوەی شاری هەولێرمان بۆ بکەن و بڕیارە لەناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٤ هەردوو پرۆژەی ماستەرپلانی گواستنەوەو ستراتیژییەتی گواستنەوەی شاری هەولێر ئامادە بێت.



**عەمید قادر سدیق:**

**هاوردەکردنی ئەو ژمارە زۆرەی ئۆتۆمبێل لەئاست رێگاوبانەکاندا نییەو کێشەی خنکانی شەقامەکانی لە ئایندەیەکی نزیکدا لێ دەکەوێتەوە**